# مێردەکەی ئاسکەخاتوون

نووسەر: محمدعلی افغانی

وەرگێر بۆ سەرزمانی کوردی: عەبدوڵلا ئیبراهیمی

وەرزی یەکەم

بەشی یەکەم

پاشنیوەڕۆی ڕۆژێکی زستانی ساڵی ١٣١٣بوو. تاوێکی گەرم و خۆش، لە بەیانییەوە تیشکی پڕژاندبووە سەر  شاری کرماشان و بەوپەڕی لاساریيەوە دەیەویست دوایین شوێنەوارەکانی بەفری شەوی ڕابردوو بسڕیتەوە. ئاسمان روون و گەش بوو. ئەوکۆترانەی لەسواندەی سەر شەقامەکان هێلانەیان کردبوو، لەنێو ئەو هەڵمە تەنک و بێ ڕەنگەی‌ڕا کە لەبەرپێ‌و دەوروبەریان هەڵدەستا، بەتامەزرۆیی و مەستییەکی پڕ لە خۆڕانانەوە وەجموجۆڵ کەوتبوون؛ هەردەتکوت خووی سروشتی ئاگاداری کردبوونەوە کە ڕۆژەسەختەکانی بەفروباران کۆتایی‌یان پێهاتووە ئیدی جەنگەی شایی و سەرمەستی لەپێشە.

لەسەر شەقام هەمووشتێک ئاسایی و ئارام بوو؛ ئەو فایتوونەی بەلەقەلەق تێدەپەڕی؛ ئەوڕێبوارەی دەستەکانی دە گیرفانی باڵتۆکەی نابوو، سەری داخستبوو و وەدوای کار و ژیانی خۆی دەکەوت؛ ئەو دووکاندارەی لەپشت پێشخوانەکەی ڕا خەریکی بەڕێکردنی مشتەری بوو؛ هیچیان لەکاری خۆیاندا بەپەلەنەبوون. بەردرێژی پیادەڕێ کەمێک تەڕبوو و لووساوکی بەدیوارەکانەوە بەستراو بەدزی ورتەورتیان بوو.

ڕیزەدووکانی کراوەو داخراوی ئەوبەرئەوبەری شەقام، بە ڕەنگی سەوز و شینی ئەودیوئەودیویانەوە کە هێشتا وشک نەبووبوونەوە، ئەگەریش سەرنجی ڕێبوارێکی ئاسایی ڕانەدەکێشا کە سەرگەرمی گیروگرفتەکانی خۆی بوو، بۆ ئەو قوتابییە بچکۆلانەی لەماڵێ ڕا بەدوور لەهەر خەفەت و نیگەرانییەک، ڕێگای قوتابخانەی داگرتبوو، دیمەنێکی جوان و خافڵێنەربوو. هەموو شتێک هەواڵی جێژنێک و لەوانەشە وچانێکی داسەپاوی پێوەبوو.

بۆنی ڕەنگ هەوای داگرتبوو و ئەوانەی کاریان بە دووکانەکان دەبوو، بەوردی ئاگاداری خۆیان بوون وەدەرگاکان نەکەون. کۆلانماڵان، لەسەرەخۆ و بە ئەرکناسی و بێدەنگیی سروشتیی خۆیان زبڵدانەکانی کەناری شەقامەکانیان دە ماشێن دەکردن تا لەدەرەوەی شار بیانڕێژن. ئەو زبڵدانانە یەکێک بوون لە داهێنانە خەڵک پەسندەکانی شارەداری تازەهاتووی وێندەرێ. ڕەنگە سەوز و سپی و سوورەکەیان لەبەر ئەڕووناکاییە سەرسامکەرەی دوای نیوەڕۆدا، چوانی و شکۆی شاری دووهێندە لێکردبوو.

پاسەوانان، بەجلی شینی تۆخ و پۆتین و داردەستی واکس لێدراووەوە، کڵاوی دوولێواریان تا سەربرۆ شۆڕکردبۆوە؛ زەردەخەنەیەکی دڵخۆشانەی پۆلیسانی لەسەرلێو، لەسەر پانیە دەسووڕان؛ چاویان دەگێڕا و ئێرەو ئەوێیان دەخستە بەر سەرنجی وردبینانەیان، تا لە شارە گەورەو تازادەیەک سەرنجڕاکێشەکەیاندا، شتێکی نەخوازراو بوونی نەبێ. نانواخانەیەک لەسەر شەقام لەسەری ئەو کۆڵانەکورتەی دەگەیشتە مزگەوتی حاجی شابازخان، بەو سەردەرانە خشتە دووکەڵاوییەیەوە کە تا سەربانیی ڕەش و ناحەز کردبوو، لەنێو دووکانەکانی دیکەی ئەو دەوروبەرەدا، زۆرتر خۆی دەنواند. ئەو ناحەزی و ڕەشییەشی بۆخۆی جوانی و نەرمییەکی تایبەتی هەبوو. لەنێو دوکان ڕا، کە هێشتا لە مشتەری چۆل بوو،  دەنگی شیش و بێڵ، سووتانی ئێزنگ لە تەندووردا، و پێکەوە دوانی بەدەنگی بەرزی کرێکاران دەهات. سەنگەکی تازەو جوان و خۆشڕەنگی بێرەو بەوێی دەرک و دیواری دووکانەوە هەڵاوەسراو، نیشاندەری فرەوانی و بەرەکەتی زۆر بوون. مانگی ڕۆژووان بوو و بۆنی خۆشی نان، تێکەڵاو بە بۆنی ڕەشکە، تا مەودایەکی دوور دەڕۆیی و ئیشتیای ڕێبوارانی دەبزواند.

لەپشت تەرازووەکە، کە قوتوویەکیشی لەتەنیشت بوو، پیاوێکی باڵاناونجیی ڕەشتاڵە دەبینرا کە باڵتۆیەکی بۆری لەپارچەی بەرەکی خوراسانی دەبەردابوو. نێوچاوانی درێژۆرێک، برۆی پڕ و چاوی کارتێکەرو ڕاکێشەربوون. بەروخساری نەختێک لاوازو ڕێکوڕاستییەوە بەو گنجە قووڵ و تەواوەی کە تێیدابوون، زیرەکییەکی بەهێز بەدی دەکرا، کە بەرلەوەی ویشک و کاسبکارانەبێ، مەردانە و مێهرەبان بوو. تووکی سپیی ڕیش و ئی سەری ئەوەندەی لەژێر کڵاوە بەگەوەرە تازەباوەکەی ڕا دیاربوو، بەسەر ڕەشاییەکەیدا زاڵ بوو. دوگمەکانی بەکەترەییەکی جوامێرانەکرابوونەوە و لەژێر کۆت و شاڵوارە قاوەییە دێردێرەکەشی ڕا، تەنانەت جلیتقە و زنجیری کاتژمێرە گیرفانییەکەشی دیاربوون. ئەپیاوە، میران، یا باشتربڵێم، هەروەک لەتابلۆی دووکانەکەی ڕا دەخوێندرایەوە، سەیدمیرانی سەرابی، خاوەنی نانەواخانەی حازربوو.

لەشارستانەکان بەپێی ڕێژەی کەمیی خەڵکەکەیان، زنجیرەی ڕووداوەکان کورت، و ژیانی ڕۆژانە یەکئاهەنگە، پەیوەندیی خەڵک پێکەوە لەڕادەبەدەرە، دۆستایەتی و دومنایەتییەکان بەرچاون، و ئاگاداربوون لە دەنگوباسی هەمووان بەسێنەیییە. پیاوێکی بەخۆوەی تازادەیەک پیر، کە بەفایتوون بەپێش نانەواخانەی باسکراودا تێدەپەڕی، هەرکە چاوی بە میرانی سەرابی کەوت کە لەپشتی تەرازوویەکە ڕاوەستابوو، سەری لە فایتوونەکە هێنادەرێ و لەکاتی تێپەڕیندا بەسڵاوێکی بەرزو بەتەواوی خۆمانە سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشا. خاوەن دووکان پاش وەڵامدانەوەی سڵاوەکە، لەگەڵ ئەوەیدا کە بەدوای فایتوونەکەدا تا بەردەرگا دەچووەپێش، بەدەنگێکی پڕ لە ڕێزەوە هەرای کرد:

- بۆکوێ دەچی کاک شوجاع، بێگومان بۆماڵە چووکەی خۆت!؟

فایتوون دەهەنگاوێک لەسەرەوەی دووکانەکە، لەڕەخی پیادەڕێی شەقام ڕاوەستا. پیرەمێردەکە ئاخێزێکی کردو دەستی بە بانی فایتوونەکە گرت و بەدەنگێکی ناسک و لەرزۆکی تێکەڵاو بە شڵەژاوی و سەرسووڕمانەوە وەڵامی داوە:

- بەڵێ دەچمەوێ و بەپەلەشم کە وەدرەنگی نەکەوم. بەڵام سەیرە کە بەڕێزت لەپشت تەرازوو ڕاوەستاوی. یانەکا من بەهەڵەچووبم، ها؟! مەگەر ئەوڕۆ ڕۆژی سێشەممۆی دوازدەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان نییە، کە بڕیاربوو ئەندامانی یەکێتی –

بە سەرسووڕمانێکی بێ ئانقەستەوە چاوێکی لە ڕێبارێکی خەریکی تێپەڕین کردو قسەکەی خۆی تەواونەکرد. بە قەڵافەتە قورسەکەیەوە بەیاریدەی گۆچانێکی حەیزەران بەوریایی لە فایتوونەکە دابەزی. لەگیرفانی جلیتقەکەی، کەبەهەموو گەورەیی و فشییەکەشی نەیتوانیبوو ورگی زل و بەزگرتووی بشارێتەوە، سکەیەکی دەرێنا و دای بە فایتوونچی. بە قورسی و نەخۆشانە چووە دووکان بۆ لای دۆستەکەی. سینگی تووکاوی و ڕووتی بە هۆی پشووسواری بەتوندی هەڵدەستا و دەنیشتەوە و هازەهازی لێدەهات. میرانی سەرابی سەرلەنوێ سڵاوی کردەوە و بەگاڵتە کوتی:

- ئاشەوان هەڵدەکا قوربان، نەک ئێوە کە نانەوان![١] بەڵێ ئەوڕۆ هەر ئەو ڕۆژەیە کە بڕیاربوو ئەندامانی یەکێتی کۆبوونەوە بکەن. بەڵام قەرارەکەمان گۆڕا و بۆ پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوای جێژن وەدواخرا. وەک بەڕواڵەتی بابەتەکەڕا دیاربوو، پێشبینیم دەکرد کە ئەوڕۆ ناتوانین هەموو برادەران زیارەت کەین؛ مانگی ڕەمەزانە و زۆربەیان بەڕۆژوون؛ و تا هەموو لێرە لەکۆبوونەوەدا بەشدارنەبن و پێش هەمووشتێک لە حضوور هەمواندا دۆخی خۆیان ڕوون نەکەنەوە، لێم قبووڵ بفەرموون خۆماندووکردنەکەمان بەهیچکوێ ناگات، لە بەدبەختییان کارەکەشم تووشی نەهامەتی بووە. دڵسۆزیشتان کە بۆخۆی بانگهێشتنکار و بەناو میوانداری سەرەکیی یەکێتیەکەم، وەک دەبینن لەپشت ئەودەزگایە چەقیوم؛ حەبیبی تەرازوودارم بە تۆرانی بێوادە و نابەجێ دووڕۆژە دەستی دەخەنە ناوم. بەڵام پێم بڵێن جەنابتان چۆنە تائێستا لە ئاگاداری گۆڕانی وادەکە نەبوونەتەوە؟ میرزانەبی دەیکوت بابەتەکەی بەهەموو دووکانەکان ڕاگەیاندووە؛ ڕوونیشی کردەوە کە نەیتوانیوە ئێوە ببینێ، دووکانەکەتان داخرابوو. وەک من بیستم، هۆکارەکەشی گۆیا نەبوونی ئاشەوان بووە.

میران کورسییەکەی خۆی بزاوت تا هاوکارە پیرو نەخۆشەکەی دانیشێ. ئەو بەدەست فەرموویەکەی ڕەدکردەوە و دانەنیشت و وەڵامی قسەکەشی نەداوە کە بەشێوەی پرسیار بوو. بەدەستان خۆی خستە سەر گۆچانەکەی. دەمێک بەدژواری حەولی لەگەڵ هەناسەیەک دا کە تا سەر لێوانی دەهات و دەگەڕاوە و هەر لەو کاتەشدا بەدەنگێکەوە کە بەئاشکرا بۆنی دڵتەنگیی لێدەهات، کوتی:

مانگی ڕەمەزان و بەڕۆژووبوون چکاری بە بابەتەکەداوە؟ مەگەر ئێمە بۆ چاخواردنەوە شیرنی خواردن لێک کۆدەبینەوە؟! ئێوە لەلایەکەوە بە تۆمارێکەوە بەدووکانانداDەگەڕێن و ئیمزا لە ئاغایان وەردەگرن کە فڵانە ڕۆژە و فڵانە سەحاتە ئاویان بەدەستەوەبێ داینێن و بۆ ئەوکارە گرنگە خۆیان بگەیەننە کۆبوونەوە –

پیرەمێرد بەبێ ئەوەی قسەکەی تەواوکا بێدەنگ بوو. بەڕوخسارێکی شینهەڵگەڕاو، حاڵێکی پڕلەژان و بەناڵەناڵ، زمانە گۆشتنەکەی هێنا سەرلێوی تا هەناسە هەڵکێشێ. خاوەن دووکان لەگەڵ پاشوپێش کردنی بەردەتەرازووەکانی لەسەر سەکۆیەکە، بەنیوە خەمناکی و نیوە پەشیمانی دوایی قسەکانی قۆستەوە:

- بەڵێ کاک شوجاع، منی دڵسۆزتان، نەک هەر چوومەتە هەموودووکانەکان، بەڵکوو هەر وەک بێخەبەر نین، شەو و نیوەشەوان سەری دەرگای ماڵی ئاغایانم داوە. بۆ وەرگرتنی قەولی شەرەف، لەشوێنێک ڕیشم بەگرێوداناوە، لەجێگایەک نازم کێشاوە. دەسرەم دەرێناوە و بەواتای دروستی وشە نازم کێشاون. دانیشتووم و نەعووزوبیللا بە حەوسەڵەی پێغەمبەرانە یەک بەیەک لەگەڵ هەمووا خەریک بووم. بێگومان مەبەست لە وشەی هەمووان دیارە چ کەسانێکن – تا سەرەنجام توانیومە بۆ کۆبوونەوەی ڕۆژی دوازدەی ڕەمەزان، واتە هەر ئەو سەعاتە موبارەکەی کە خەریکە تێدەپەڕێ و دەڕوا، ئامادەیان کەم. جا هێشتا کارم بەوانەش نییە کە نەیانویستووە هیچ ڕوویەکم بدەنێ یا هێشتاش بەناوی جۆراوجۆرەوە بیانوو دادەتاشن. هێندێک لە ئاغایان وەک من بزانم، وێدەچێ گلەیی

١- پەندێکە دەڵێ: ئاشەوان بەهەڵدەچێ واتە گەنم دەبا و ئاردی دێنێتەوە.

و گرێهایەکیان لەدڵدا شاردبێتەوە کە ناتوانن بەزمانیدابێنن؛ عەرزی جەنابتانی دەکەم.

هێنـدێکانیش لەسـەر ئەوبـاوەڕەن کە تـاقمی نانەوایـان لەودۆخەی ئێسـتادا لەوچەشـنە هەڵسـوکەوتانە بـێجگە لە بەفیڕۆدانـی کـات و وەدیارخستنی زۆرتری ناکۆکییەکان هیچیان پێنابڕێ؛ چونکە لەوردەکارییەکانیدا هاوڕاو هاوسوێند نین؛ قسەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن؛ دەگەڵ یەک درۆدەکەن؛ پیاوەتی وغیرەت لە وجوودیاندا مردووە؛ لەولایە دادەنیشن و بەقورس و قایمی بڕیاردەدەن، لەولاش کە هەستان لەدژی ڕەفتاردەکەن؛ پێ وەبەر پێی یەکتردەدەن و هەرکەسەو بۆخۆی هەنگاودەنێتە ڕێگایەکەوە کە سەرنجامەکەی نـابووتی و لەناوچوونی هەمووتاقمەکەیە.

چاوەدەقووڵ کەوتوو و زارە نیوەداپچڕاوەکەی پیرەمێرد نیشانەی سەرسووڕمانی تەواوی ئەو بوو. سەید میران بەنانی مشتەرییەکەوە بۆلای تەرازوو چوو و لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرقسەکانی ڕۆیشت:

- شـێرعەلی و براکـانی دەڵـێن: ئـێمە کارمـان بەکەس نەداوە؛ نە ئەهلـی کۆبـوونەوە و یەکێتیـین کە سـپەینێ تووشـی گیروگرفـت و دەردیسەری بین، نە لەدژی بڕیاری هاوکارانمان، جا هەرچییەکیش بێ، ڕادەوەستین. بەڵام بیانووی منداڵی لەخۆمیز شووتییەکەیە؛ ئەوانە هەموویـان عوزروبیـانوون؛ نیشـانەی زەیـن کـوێرین و حاشـایەکی حـازری، بێئـاقڵییە ئەگەر کەسـێک تـا ئەوڕادەی نەتـوانێ مەسڵەحەتی خۆی بناسێ. چاولێکەن، ئەوە لیستەی هەر بیست و شەش نانەواخـانەکەی شارە بەهەموو بەرێوەبەرەکانیـانەوە، کێهەیـان ئیمزایـان داوە و کامەیـان نەیانـداوە. هەڵبەت دۆدی و بۆدییەکانیشم نەهێنـاونە حیسـاب؛ ئەوانەی ئێشـکەنانیش دەکەن کە هەر لەڕۆژی سەرەتاوە حیسابیان لەئێمە جودابووە؛ بەڵام، دووسێ کەس لە هاوکـارانی بەپێشینەو کۆنمـانیش هەرچەندە لەکـاتی ئێستادا دووکانێکیان بەدەستەوەنییە لەو لیستەیدا هاتوونە ئەژمار. و بەداخەوە دەبێ عەرزتـان بـکەم کە یەکێک لە هۆیەکـانی نـاڕەزایی و دژایەتییەکان هەر ئەوبـابەتەیە. ئەو تێبینەبەرێـزانە پێیـانوایە کەسـێک بەتەمـایە سـپەینێ دەست بەسـەر نانیانـدا بگـرێ. ئەوانە ئاقڵیـان پێناشـکێ تـا ئەگەر حیسابێکی تایبەت لەگۆڕێدایە لەگەڵ حیسابی گشتی تێکەڵی نەکەن.

کاک شوجاع لیستەکەی، کە لەسەر پەڕەکاغەزێکی گەورەبوو، لەدەستی وەرگرت. چاوێکی بە واژۆکاندا خشاند کە زۆریـان جێقامـک یا موور بوون؛ بەسستی و نەخۆشانە سەرێکی ڕاوەشاند و بە تەنگەنەفەسی و کۆخەیەکی سووکەوە کوتی:

- ناجسنی، دیسانیش ناجسنی، بێعاری و بەرچاوتەنگی! کاری ئەو تاقمە وەک قەومی یەهوود بەوزووانە تەواونابێ!

باسی ئاشەوانەکان ناکەن کە بەیەکرێزی و یەکگرتوویی لەنێوخۆیاندا، هەروەک دەبینین، هەرچۆنێـک بیـانەوێ هەڵمـان دەپەڕێنن، ئەو تاقمە تەنانەت لە قاوەچییەکانیش لەدواترن. مەگەر ئەوڕۆژانە ئێتر بەخەو ببینین کە ئاشەوان لەدەست نـانەوادا لـەمێـویش نەرمتربـوو! هەرکەناوی سەرۆک نانەوایان دەبیست موو بەلەشیانەوە قرژدەبوو. هێشاش ئەوسـاڵەم لەبیر نـاچێ کە بەوپەڕی دامـاوییەوە چوون دوو حەوتووی ڕێک لەمزگەوتی "ئامەد مەهدی" بەس ڕۆیین. بەقەولـی خۆیـان، لەدەست ستەمی سـەرۆک نـانەوا و کەڵەگـایی نانەواخـانە، بەتەمابوون ئاشی خۆیان بەجێ بێڵن و پەنا بۆ شارەکانی دیکە ببەن. لەبەرچی، یەکگرتووییمـان ببـووە چقڵـی چـاوی وان؛ یەکێتیـی بیـرو کـردەوە لەنانەواخـانەدا هەبـوو. و یەکێتی واتە دەستی خوا، واتە هێزوسـەرکەوتوویی. و بەدبەختن ئەو گەل و تـاقمەی کە وەک حـاد و سەموود چەندبەرەکی و نەسازانییان لەنێوخۆدا هەبێ، کاک سـەرابی، ئێوە بوونەتە میراتگری دۆخێکی شێواو و تێکەڵپێکەڵ کە تەنیـا پەرچوویەک دەتوانێ چاکی کاتەوە!

لەدەستپێکی شەڕی نێونەتەوەیی ڕا تا ئێستا، بیست سـاڵە کە لەوشـارەدا نـانەوام؛ ڕدێنم لەوکاسپییەدا سپی کـردووە و هەرگیز، نە خـۆم دەهاوکارێک هەڵقورتاندووە کە ئاشەوانەکەی هەڵخەڵەتێنم، و نە ئەوەندەی لەبیرم بێ باری دووکانم وا کەوتۆتە حەرزی کە کەس نەیبـا. بەڵام لەسـایەی سـەری سـەرۆکی تـازەی یەکێتـی، ئەوەی بەقەولـی هێندێکان خۆی بە قەواڵەی کۆنەنانەواخانەدەزانێ، ئەوڕۆ سێڕۆژە لەبێکارییان لەماڵەخۆی پاڵکەوتووە. و سەرم لەوەی سووڕماوە کە ئێتر بەوحاڵە ئەمن چکارەم کە ناوم لەو لیستەدابێ. یا ڕەنگە یەکێـک بم لەو کۆنەهاوکارانەی باسیان دەکەی کە لەکاتی ئێستادا دووکانێک هەڵناسووڕێنن؟! تکات لێدەکەم ئەگەر وایە بەبێ ڕووبینـی نـاوم لەو لیستەی بسڕەوە.

ئاخر خوابەرداره؟! هەر ئەو ناڕەسەنە باوک نەحلەتەییەی باست کـرد، شێرعەلی، کە بۆخۆی لەجیاتی ئاشـەوانێک دووی هەن، چۆتە لای چراغعەلیـی ئاشـەوانی مـن، بەفێـڵ تەمەنێکـی زیـاد داوەتـێ و ئامـادەبووە بـۆ هەربـارەکەرێکیش قڕانێـک و کەسـرییەکەش بـۆ هەرخەروارەی دوومەن حیساب بکات. جا ئێستا کاکی سەرۆکی یەکێتی، پێم بڵێ تەکلیفی منـی پیرەمێردی نەخۆش کە خـاوەنی هەشـت نانخۆریشم لەدۆخێکی ئاوادا چییە؟ لەو وشکەساڵییەدا ئاشەوان لەبەری گرانە جوابی سڵاوەکەشمان بداتەوە، و بەوهاوکـارە بێغیـرەت و هەرچی پەرچیینەشمانەوە کە دیارنییە دایکـوبابیشیان کێن و تادوێنێ لەکوێ بوونە و چییان کردووە، پیاو دەبێ قوڕی کوێ وەسـەری کا؟! ئایا ڕەوایە منیش خۆم بێنمە ڕێزەی ئەوکەسـەی پێستی سـەگی بەڕووی خۆیدا کێشاوە و خۆ دە کاسپیی ئەم و ئەو هەڵقوتێنم، یـا

سەری خۆم دانەوێنم و بەماڵومنداڵمەوە لەبرسان بمرم؟! ئەوڕۆژەی تۆ لەجیاتی قاسمخان بەسەرۆک هەڵبژێردرای دڵخۆشییەکی من و زۆری دیکە ئەوەبوو کە لانیکەم کەسێکی تێگەیشتوو، داهێنەر، و لەهەمووان گرنگتر، بێغەرەزمان دیتۆتەوە. قاسمخان پیاوێکی قسەکەر و بەبڕشت بوو، بەڵام ئاگری هەر لە ئاورگی خۆیدا دەکردەوە. ئێستا پێت وانەبێ لەتۆ ش ناهومێد بوومە؛ لەناو هەمووئەندامانی نانەواخانەدا ئەگەر کەسێک پەیدابێ کە بەبێ چاوەڕوانی بەکارە بەکۆمەڵ و تاقمییەکان ڕابگاو دڵسۆزی بنوێنێ، دیسانیش کەسێکی دیکەنییە بێجگە لە سەید میرانی سوهرابی واتە جەنابتان. خواشاهیدە لەهەرکوێ دانیشتبم ئەوە قسەی سەرزمانم بووە و تا پێچەوانەکەشی دەرنەکەوێ بێجگە لەوەی نابێ. بەڵام ئاخر بۆچی دەبێ هەر ڕۆژە تێدەپەڕێ کارەکەمان لە ئی ڕۆژی پێشوو کوێرتر بێتەوە؟! بۆ دەبێ هاودەنگ و هاوسوێند نەبین و هەرکامەمان ڕێگایەک بۆخۆمان داگرین؟ تاکەی دەبێ بۆ ئاشەوان باریکی بڕێسین؟! ئەو ڕکەبەری و منمن و تۆتۆیانە کە زیانەکەی لە سەتاسەت بەخۆمان دەگا دەبێ لەناومان هەڵگیرێن؛ دەبێ لەسەر هەقی ئاشەوان، ڕادەی نانکردنی هەردووکانێک، دابەشکردنی ئاشەکان و هەربابەتێکی دیکە، لەناوخۆماندا هاوبیری و هاوڕایی پێک بێنین و ئەو هەرەجمەرەج و هەرکەس هەرکەسە گرییێنەرەی بەجارێک بۆ هەتاهەتایە کۆتایی پێ بێنین.

پیرەمێرد تاڕادەیەک بە ئاسوودەیی قسەکانی خۆی تەواوکردن. ئەو تیشکە نەخۆشەی لەچاوە گەورەو پارێزگارانەکانییەوە دەردەچوو، تووڕە و لەهەمان کاتیشدا پڕلە ئامۆژگاری بوو. دووکان بۆ دەمێک لە هاتوچۆی مشتەرییان بەتاڵ بووبوو، میران پۆلووە مشکی لێنیشتووەکانی مەنقەڵەکەی بەردەستی لەسەر سەکۆی پێشخوانەکە، بە پانیەهەڵکێشە برنجییەکەی نێوگیرفانی تێکوەردان و بە دەنگێکی نەختێک نەرم دەستی بەقسان کرد:

- پێرێ لە شارەداری ڕا داوایان کردبووم – فەرموون لەسەر کورسیدانیشن کاک شوجاع، ئاوا ماندوودەبن – کەدەچم دەبینم بیسمیللاهی ڕەحمان و ڕەحیم، دیسان باسی نرخی نانە. وەک ئەوەی لەنانەوایان فەقیرتر وەدەست نەکەوتبێ.

لاقێکی وەکورسییەکەدا و بەئاهەنگێکی لاساییکەرانەوە دەنگی خۆی گڕتر کرد:

"نانی سەنگەک نابێ بە گرانتر لە هەژدەسەننار بفرۆشرێ."

'نرخی نان دەبێ لەهەمووشاردا وەکیەک بێ – و بابەتی پێکەنیناوی - نانی نێو تەندووریش دەبێ لەسەر تەرازوو دانرێ."

کاک شوجاع بەبیستنی ئەو قسانە و بەتایبەتیش ئەوەی دوایی، وێڕای نووقاندنی چاوە پڕئازارەکانی ، بەدەنگێکی کز و لە بنی گەرووی ڕا دەستی کرد بە پێکەنینێکی وا توند، کە نیوەی خوێنی لەشی هاتە نێو دەموچاوی؛ ددانە ژەنگاوی و چڵکنەکانی کە یەک نا یەکیش کێشرابوون بەناحەزی وەدیارکەوتن؛ هازەهازی سینگی بوو بە لرخەلرخێکی توند و هەر لەوحاڵەشدا لەسەری ڕۆیی:

- هەرکەس دێ دەلینگی دایکم دەنووسێ، یەک نایە بە بێڵی باوکمەوە بنووسێ. باشە تۆ چت کوت؟ پێم بڵێ چیم هەیە بیڵێم، کاتێک هێستا نازانم بە چ زمانێک لەگەڵی بدوێم. دەڵێن زۆر نانەجیم و زارپیسە. و بیستم کە تۆ لەپێشدا میرزانەبیت ناردووە؛ ئەو فەقیرەی وەبەر جنێوان داوە و لەژوورەکەی دەری کردووە. هاهاهاها!

کاک شوجاع بەکۆخەکۆخ لەقاقای پێکەنینی دا و میران سەرابی بەوەبیرهاتنەوەی ئەوبابەتەی کە ببووە هۆی بەخۆداشکانەوەی یەکێک لە هاوکارانیان بزەیەکی هاتێ و سەری ڕاوەشاند. پیرەمێرد پێشی بەکۆخەی خۆی گرت و پێش ئەوەی بەتەواوی بێتەوەسەرەخۆ بە ئاماژەی پەسندکەری قامک لەسەری ڕۆیی:

- بەڵێ برادەری خۆشەویستم، و ئەوە هیچ نییە بێجگە لە بەری تاڵی ناڕێکی و ناهاوئاهەنگیی نێو خۆمان.

بەسیلەی چاو و خێراو بەپارێزەوە چاوێکی لەپشت سەری خۆی کردو و دەنگی کزتر کردەوە:

- کاتێک من تۆ کە هەرتکمان کاسبکاری شار و وڵاتێکین، بەبیانووی چاکی یا خراپیی گەنم، جیاوازی لە هەقی ئاش، پێخۆشبوونی شەخسی یا هەر هۆکارێکی دیکە، ئەونانە بەدوونرخ دەفرۆشین، شارەداری فایتوون نشین کە سەهلە، جانمرادی کۆڵانماڵیش هەقیەتی بڵێ یانی چی، بۆدەبێ وابێ!

لەوێ لەسەر سووچی دووکانەکە، لەتەنیشت دیواری، ژنێکی چارشێوسپی ڕاوەستابوو کە دەموچاوی لەژێر چارشێوەکەیدا شاردرابۆوە؛ ئەوەندە نیزیک نەبوو کە گوێی لەقسەی نێوانیان بێ؛ بەڕواڵەت یا نانی دەویست و شەرمی دەکرد بێتەپێشێ، یا چاوەڕێی کەسێک یا شتێک بوو. کاک شوجاح درێژەی بەقسەکانی خۆی دا:

- من دان بەوە دادەنێم کە نرخ دانان لەسەر کەلوپەل سوننەتێکی ئیسلامی نییە؛ و حەزرەتی ئەمیرعەلی سڵاوی لێ بێ لەسەردەمی ژیان و خەلافەتی خۆیدا تا مابوو هەرگیز ڕێگای بە شتێکی ئاوا نەدا. بەڵام ئەگەر قەرارە دەوڵەت بیهەوێ نرخ لەسەرنان دانێ بۆچی بۆخۆمان داینەنێین، ها؟ ئەگەر نانی شار بەڕاستی پێویستیی بە چاک کردن هەیە بۆچی بۆخۆمان پێشقەدەم نەبین؟ من بابەتگەڵێکم هەن کە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا، خوایاربێ و تۆفیقم هەبێ، هەموویان دێنمەگۆڕێ.

گەیشتنی چەند مشتەریی دیکە قسەکانی نێوان دوو هاوکارەکەی کورت کردنەوە. پیرەمێردی نانەوا داوای لە سەرۆکی یەکێتیی تاقمی خۆی کرد جارێ تا ڕوونبوونەوەی تەکلیفی گشتیی تاقمەکەیان، ئاشەوانێکی بۆ بدۆزێتەوە و نەهێڵێ دووکانەکەی لەوە زیاتر بخەوێ.

بە نیگایەکی لەرزانی چاوەکانی کە نیشاندەری ژانی گورچووبڕی نەخۆشی بوو سەری داخست و پاش خواحافیزی ، بەئاراستەی پێچەوانەی ئەو ڕێگایەی پێیداهاتبوو، پیادەڕێی شەقامی گرتەبەر و بەناڵەناڵ دەستی کرد بە ڕۆیشتن. هێشتا چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبۆوە گەڕاوە؛ بەدەستێکی لەرزۆک لەبەر لاوازی و نەخۆشی قامکی شادەی ڕاداشت و کوتی:

- شتێکی دیکە، نان بەنۆبەناردنیش دەبێ ڕاگیرێ؛ تێدەگەی؟ ئەوەش داهێنانەکە —

ڕستەکەی تەواو نەکرد و لەناکاو پرسیی:

- ڕاوەستێ بزانم، بۆخۆت لەگەڵ ئەو پێشنیارە چۆنی؟ من تا ئێستا نەمدیوەو نەمبیستووە ئەودووکانە نانی بەنۆبە ناردبێ، ها؟

بیسەرەکەی بە چاوی نیوە نووقاو و بزەیەکی ئارام سەرێکی بادا:

- بەگیانی خۆشەویستت نا کاک شوجاع، بەگیانی هەرچوار منداڵانم کە لەدنیادا لەوان لەسەرتر هیچم نییە، ئەگەر هەرگیز بەتەمابم (وشەی بتوانمی کە هاتبووە سەر نووکی زمانی خواردەوە) لە فرۆشی ڕۆژانەی دووکانەکەم مسقاڵێک زیاتر ببرژێنم. نان بەنۆبەناردن کارێکی نەشیاوە، شانی ئەوانە هەڵی دەگرێ کە دەبێ بچن چەوەندەری کوڵاو بفرۆشن. نابێ بێڵین خۆت کوتەنی مستێک زئەلۆجەلۆ ئابڕووی نانەواخانە بەرن. بۆخۆم لەسەتاسەت لەگەڵ ئەو پێشنیارەدام.

ڕوخساری پیرەمێرد ئەوجار کە دەگەڕایەوە قایلتر لە پێشوو دیاربوو. — میرانی سەرابی کورسییەکەی بۆلای دیوار خزاند و ڕووی بۆلای ژنە چارشێو سپییەکە وەرسووڕاند کە هەر لەوشوێنە ڕاوەستابوو تابزانێ چی دەوێ. هەرلەوحاڵەدا بەخۆی کوت:

- ئەو پیاوە هێشتا نازانێ، یا دەزانێ بەڵام بەسوودی نییە، کە من ڕۆژێ خەلوارێک پەیمانی نانی قۆشەنیشم هەڵگرتووە، کە بەزەحمەت باشاری نیوەی دەکەم. مەگەر دەکرێ چەندە گوشار بخەمەسەر؛ فەقیرە کرێکارەکانم، بۆ گەیاندنی ئەو ئەندازە کە لە توانایی دووکانەکە زیاترە، بەشەوورۆژ شازدەسەعات کاردەکەن. ئاخ! بەڕاستی باش بوو وەبیرم هاتەوە ئەوشۆ هەرچۆنێک بێ دەبێ بچم یاوەر، سەرۆکی کاروباری فەرمانگەیی تیپ لەماڵەکەی ببینم. ئەوکارە بۆ من تەنانەت لە دۆزینەوەی تەرازووداریش زۆر گرنگترە. شەرتەکەمان کە لەسەرەتای جەژنەوەیە بەوزووانە دەپەڕێ. دەبێ هەر لەئێستاوە لەبیریدابم، هەرلەئێستاوە بجۆڵێم، دەنا ڕەقیبانی بەدەستوبرد کە لەبۆسەدا گوێیان خەواندووە دەستی خۆ ڕەپێش دەخەن.

لەبەرخۆیەوە خەریکی سەنگوسووک کردنی ئەو مەرجانەبوو کە بەتەمابوو لەپەیمانی تازەدا بەسەر لایەنە بەهێزەکەیدا بیانسەپێنێ. پێشتر یەک دووجاران لەوبارەوە لەگەڵ یاوەر، کە پیاوێکی نەرمو هێدی و بەئەخلاق بوو، گوفتوگۆی کردبوو. بواری کارەکەی لە هەموو بارێکەوە تاڕادەیەک ئامادە کردبوو. تەنیا نیگەرانییەکی چووکەی بەردەمی، مەترسیی دانی کارەکە بەداشکاندن بوو؛ ئەویش ئی وەی نەبوو کە چارەی نەکرێ؛ وەک مەنشوورە دەڵێن: گەر یار ئەهلە، کار سەهلە. بەڵێننامەی قۆشەن لەباری پووڵییەوە قازانجێکی بۆوی تێدا نەبوو؛ بۆ هیچکەسیشی تێدا نەبوو؛ سەرەڕای ئەوەش زۆران بۆی دەحەولووەلادابوون. چونکە ئەوکەسەی بەوە خۆی بە سەرتیپی شارەکەوە دەنووساند، شەترەبە یەک بوو (شەترەبە ناوی گایەکە لە کتێبی کەلیلە و دەمنە) کە لەسایەی پارێزگاریی شێردا دەلەوەڕا؛ حەولی سەیدمیرانی سیرابیش هەر لەسەر بنەمای ئەو بابەتە زۆرگرنگە دانرابوو.

ژنە چارشێو سپییەکە بۆ جاری دووهەم لەلایەن خاوەنی دووکانەوە پرسیاری لێکرا بەبێ ئەوەی بەتەواوی بێتە پێشەوە، بە حاڵەتێکی شەرمنانە، کە سادەییەکی دڵگری وەک نیشانەیەکی ڕەسەنایەتیی مەزنزادەکانی پێوەبوو، دەستی درێژکردو سکەیەکی تاقرانیی لەسەر سەکۆ داناو بەدەنگێکی نەرم و نیوەکزەوە کە تێدەکۆشا زاراوە کوردییەکی پێ داپۆشێ داوای چارەگێک نانی کرد.

ئەو ڕووی خۆی نەکردەوە. پووڵەکەشی بە سووچی چارشێوەکەی لەسەر سەکۆ دانا تا چاوی نامەحرەم بەدەستی نەکەوێ و شێوە گوفتارەکەی وای دەنواند یا ژنە دەیەویست وای بنوێنێ، کە لەوچەشنە کەسانەنییە کە بۆ کرینێکی لەوشێوە پێ بنێتە کۆڵان و بازاڕ. سەید میران، بە دەنگێکی ماندوو کە تاڕادەیەکی شیاو بەئەدەبانە بوو، پرسیی چەند نانی بداتێ، دووئاگرەبێ یان بەکێشان؟ ژنە، ڕووی بۆلای دیکە وەرسووڕاند، ئەودەستەی سووچی چارشێوەکەی پێ گرتبوو، هەر بەو سادەیییە دڵگرەی خۆی گۆڕی و پاش نەختێک دوودڵی و ئیستێک، لێوی بۆ وەڵام جووڵانەوە؛ وەڵامێکی وا شەرمنانە و هێدی کە کیژانی تازەبووک لەکاتی مارەکراندا دەیدەنەوە ئاخوند.

خەلیفەی دووکان، پیاوێکی کورتەباڵا و پانوپۆڕی لووت درێژ و کڵاوێکی پێستی لەسەر بوو، دەستەیەک نانی تازەی گەرمی لەسەر شانی لە دووکان هێنادەرێ و یەک یەک لەسەر مێزەکە هەڵی خستن. سەید میران دەنکێکی هەڵگرت کە هەڵمی لێهەڵدەستا و خستییە سەر تەرازوو و کوتێکی لەسەری پەڕاند و پاش کێشان، ئەوەندەی داواکرابوو دای بە مشتەرییەکە. ژنە نانی خۆی وەرگرت و وەڕێکەوت، بەڵام هەر خێرا دەنگی خاوەن دووکانی لەپشت سەری خۆیەوە بیست:

- خاتوون، خوشکم، لەبیرت چوو پاشماوەی پووڵەکەت وەرگرییەوە!

ئەودەستەی نانەکەی وەرگرت و خستییە بن چارشێوەکەی، سپی و ناسک بوو، قامکی شووش و باریک بوون. و سەید میرانی سەرابی وشەی خوشکمی بۆیە لێ زیادکرد تا لە زەللـەی شەیتان و یا هەر چەشنە بیری نالەبار، کە لەو کاتانەدا هەر وەک هەڵمی زار ئاوێنەی ئیمان لێڵ دەکەن، بەدووربێ.

ژنە لەکاتی وەرگرتنی پەنابانەکەی پاشماوەی پووڵەکەی، وەک ئەوەی بیهەوێ چارشێوەکە باشتر ڕاگرێ و لەگەڵ ئەوەشدا ترسێ ئەوەی هەیە نەکا چاوی بێگانە بە ڕوخساری بکەوێ، خۆی بادا و بە نەرمییەکی دڵڕفێن ڕووی خۆی کردەوەو و داپۆشییەوە.

لەچرکەیەکدا لەبن چارشێوە کاڵبۆوەکەی ڕا کە وەک قاپێلکی چڵکنی سەدەف، هەرگیز شیاوی ناوەرۆکی خۆی نەبوو، جەفەری خڕی وەک مانگی وێڕای بزەیەکی گەرم و دڵنەستێن، کە بەشێوەیەکی هەست پێکراو ددانە زێڕەکەی نیشان دەدا، درەوشاوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە سایەی چاوەکانی ڕووی دە حەرزی بوو، ئەو ڕستەی هاتە سەر لێوان:

- بمبوورە، پێموانەبوو لەبەری مابێتەوە؛ مانگی ڕۆژووان هۆش و گۆش بۆ کەس ناهێڵێتەوە.

سەید میرانیش کە لەژێر گوشاری ڕۆژوودا حاڵ و حەوسەڵەی قسەکردنی نەمابوو، ڕوخساری لەناکاو گەشایەوە؛ بە بزەیەکی کراوە، کە نیشاندەری خۆشخوویە سروشتیەکەی بو، کوتی:

- ڕاست دەکەی، بەڵام هێندەی نەمابوو منی کڵۆڵ مشغوولوٚوزمەی خۆت کەی. ئەگەر بڕیار بێ ڕۆژوو دوژمنی هۆش و گۆشی موسوڵمانان بێ جا وەی بەحاڵی ئەوکاسبکارە دایک مردووەی کاری بە بەردوتەرازووبێ.

ئیستێکی کرد؛ بەدڵیداهات تانەی خۆی بە گاڵتەیەک تەواو بکات و بڵێ: بەتایبەتی ئەگەر لایەنی بەرانبەری پەریڕوخسارێکی دڵڕفێنی وەک ئەو دڵبەرەجوانەبێ. – بەڵام لەبەرئەوەی ئەو عەبدەی خودای، بە خۆڕانانی بەئانقەست یا نائەنقەست بە بەڕۆژووبوون، ڕواڵەتی خۆی ڕازاندبۆوە، خۆی خستبووەژێر مەتاڵی دین، تا جێگای هیچ شک و گومانێکی ناڕەوایی لەدەوری خۆیدا نەهێڵێتەوە؟ سەیدمیران ئاوا درێژەی بە قسەکانی خۆیدا:

- وەی بەحاڵی ئەو کاسبکارە بێ دەرەتانەی دێت شت بفرۆشێ، دین و ئیمانی خۆشی دەفرۆشێ!

پێکەنینی کزی چاوە کارتێکەرەکانی مانای دەبەخشییە قسەکانی:

- بیری لێبکەوە خانم، ئەگەر بەندەی بچووکی سەراپا تاوانیشت کە بێگومان هەر وەک ئێوە بەڕۆژوویە، هۆشی ئەوەندە پەرێشان بێ کە دەربەستی پووڵەکە نەبووایە و خاتوونیش تێپەڕیبا و ڕۆیشتبا چ دەبوو؟ پەناباتێکیش خۆ ئەوندەی ناهێنێ، هەر وەک ئێوەش ئەگەر لە ماڵێ وەبیرتان هاتباوە بەخەیاڵیشتاندا نەدەهات بۆی بگەڕێنەوە، چونکە بەکرێی ڕێگاکەی نەبوو؛ بەڵام هەر ئەو برە ناقابیلەش، هەر ئەو برە ناقابیلەش، وەک ڕووشێکی بچووک کە بکەوێتە سەر دەنکی ئەڵماس، بەسە بۆ ئەوەی ئیمانی کابرای کاسبکار لەبایەخ بخات؛ ڕۆژێکی تەواو وەک سەگی دەم بەستراو و لەشەوی یەکەمی نێو گۆڕیشدا دووپشکێکی پێوەدەر میوانداری بێ.

ژنە بێدەنگ بوو، و سەید میران کە دەتکوت ڕووی قسەی نەک دە کەسێکی گەورە بەڵکوو دە منداڵێکی بچووک بێ، لەژێر کار تێکردنی قسەکانی خۆیدا و هەر بەخۆشخوییە سروشتییەکەی پێکەنینێکی کورتی کرد، نانی مشتەرییەکی دیکەی لەدەستی وەرگرت و خستییە سەر تەرازوو و بەبێ ئەوەی بۆخۆی ویستبی سەرنجی بۆ لینگ و لەتەر داپۆش و پاشەسەری ژنەکە چوو کە خەریکی ڕۆیشتن بوو؛ یەکێک بوو لەو چاولێکردنانەی کاسبکاران دەیانەوێ مشتەریی خۆیانی پێ بناسن. ئەوەی لەچرکەیەکدا لەڕوو و موو وداپۆشەری بن چارشێوەکەی دیتبوونی، هەستێکی لەدڵیدا بەشێوەیەکی شاراوە و ئاڵۆز بزواندبوو، کە ئێستا بەدیتنی گۆڕێ پینەکراوەکانی و کەوشە هەرزانبایییەکانی وێنەیەکی بەخۆوەدەگرت و وەک وێنەی پێچەوانە دوای چاپکردن ڕوون دەبۆوە. ژنە چارشێو سپییەکە، ڕوخسار جوانێک بوو لەهەڕەتی جوانی و گەنجەتیدا؛ کراسی سیکلەمەی بێڕەنگ و ڕوو و کۆت و دامێنی خڕ و کۆنی لەبەردابوو. گۆناکانی ڕەنگ پەڕیو و کز بوون و ئەوکاتەی دەستی سپیی و بێئەندازە زەریفی، جارێک بۆ نان و جاری دووهەم بۆ پووڵ، لەژێر چارشێو دەرێنا و سەیدمیرانی سەرابی سەرنجی دا، سەر قۆڵی کەواکەی لەبەر چەندجار داگرتنەوەی بێئەندازە کورت ببۆوە؛ تەواوی جمگەی دەست و بازنە سیمەکانی وەدیارکەوتبوون؛ یا ڕنگە کەوای منداڵەکەی خۆی دەبەرکردبوو. شکۆی جوانی و نزمیی بەڕێچوون و بژیو، دوو لایەنی ناتەبا بوون لە ڕاستەقینەیەکی زیندوو و گومانهەڵنەگر لە بوونی ژنێکی جواندا کە ئەوڕۆژە بۆ کڕینی چارەگێک نان پێی دە دووکانی وی نابوو.

ئەو ژنە بێگومان یەکێک بوو لەوگوڵە سپییانەی لەنێو بەفردا دەڕوێن. و ئەوکەسەی بەنەسەبە دەگەیشتەوە پێغەمبەری ئەکرەم و هەر بەئەندازەی بەدینی و خواپەرستییەکەشی ئاکارباش و هزرپاک بوو، لەوە زیاتر دەیتوانی چۆن بەڕەوای بزانێ کە بیرێکی ئاوای بەدڵدا بێ؟ نیگای وی بەدوای لاق و لەتەر پۆشی ژنەکە نەک هەر نەخوازراو بەڵکو بەدوور لەهەر بیرێکی هەوەسبازانە و گوماناوی بوو. لەلایەکی دیکەشەوە، لە چاوپاکی و بێ نەزەریی پیاوێکی وادا بۆیە ناکرێ بەگومان بین کە هەر لەو دەمە وروژێنەرەدا لەناکاو بیری بۆلای خوا چوو؛ وەبیری هاتەوە کە دەبێ بۆ نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارێ بەپەلە خۆی بگەیەنێتە مزگەوتێ. ئەودڵەی جێگای زاتی تاقانەیە، شەیتان هەرگیز ڕێی تێیناکەوێ.

ئەو چەندڕۆژەی مانگی ڕەمەزان کە تێپەڕیبوون، وەک خووی هەمووساڵێی، سەیدمیرانی سەرابی زۆربەی پاش نیوەڕۆیان دەچووە مزگەوتێ، نوێژی خۆی لەپشت ئاغای دەکرد و بە بیری ئاسوودەو ئارخەیان و گەشیی دەروونەوە گوێی دەدایە ئامۆژگاری و بابەتێکی دینیش. پەند و حەدیسێکیشی دەبیست و تشتگەلێکیش فێردەبوو. بەڵام ئێستا پاش تۆرانی حەبیبی تەرازووداری، کە پیاوێکی دەستپاک و جێباوەڕیش بوو، هەروەک بە کاک شوجاعی دەکوت، نەکهەر دەستی دەخەنەدامابوونەوە، وەکارە زۆر و یەک لەیەک گرنگترەکانیشی ڕانەدەگەیشت، بەڵکو لە بەهرەی مەزنی ئەوچەشنە دەرفەتە دەگمەنەش بێبەش دەبوو کەتەنیا ساڵێ جارێک و ئەویش لەمانگی ڕەمەزاندا بۆی دەهاتەپێش. بەڵام ئەگەر ئەو ئێستا واز و کاتی دانیشتن و گوێ دانە ئامۆژگاری و بابەتێکی دینیشی نەبوو، لانی کەم دەیتوانی بە دانانی خەلیفەی دووکان لەپشت تەرازوو، لە دە خولەک یا ئەوپەڕی چارەگە سەحاتێکدا خۆی بگەیێنێتەو مزگەوت، خێرا نوێژێک بکا و بە پاکیی بەهەشتیی دەستنوێژ لە دەموچاویدا و زیکری خوا لەسەرلێوان بگەڕێتەوە سەرکارەکەی خۆی.

سەید میرانی سیرابی کە مەشەدی میرانیشیان پێدەکوت، بێجگە لە ئیمانی ئوولی و دڵودەروونپاکیی سروشتیی خۆی، لەڕووی ئەخلاقیشەوە پیاوێکی سەنگینوگران و بەئەدەب و نەرمکێش بوو. دەگەڵ دۆست و هاوکار، مشتەری و کرێکاری دووکان، بە ڕێزێکی تێکەڵاو بە یەکدڵی و یەکڕەنگی هەڵسوکەوتی دەکرد. کە تێکەڵاویی بنەماڵەیی و ڕەسەنی ژن دەهاتەگۆڕێ، ئەو ڕەفتارەی بە چێژەیەکی ترشوشیرن لە گاڵتە و قسەی خۆش و خۆشمەشرەفیی پیرانە دەڕازاوە، کە ئەوی بە شۆخوشەنگ، نوکتەباز، دڵ زیندوو و مێهرەبان نیشان دەدا. ئەوە تەریکترین کەسانیشی بۆ هاونشینی و هاودەمیی ئەو هان دەدا.

لەوسەردەمەدا ژنان، وەک دەکوترێ هێشتا لە زیندانی چارشێو، و بە وتەیەکی دیکە لە قەڵای حیجاب نەهاتبوونەدەر. لەنێوان ئەو ناسیارە دوورونیزیکانەیدا کە هاموشۆی بنەماڵەییان دەگەڵی هەبوو، ئەو ژنە بەتەواوی بەحیجابانەی بەئاستەم چاوی نامەحرەم بە گوڵی ڕوخساریان دەکەوت، ئەگەر زۆر نەبان، کەمیش نەبوون. حەوت ساڵ بوو لەگەڵ میرزانەبیی نانکەر، دۆستی گیانی گیانی بوو و زیاتر لەوەش پەیمانی برایەتییان هەبوو و هێشتا چاوی بەڕووی ژنەگەنجەکەی، هاجەر، نەکەوتبوو. سەید میرانی سەرابی بۆ ئەو تاقمە لە ژنان، کە بێگومان ژنانی ئاڵقەبەگوێی مێردەکانیان بوون، ڕێز و نرخی تایبەتی و زۆر پیرۆزی دادەنا کە سەرچاوەی لە ویژدانی پاکی دینییەکەی وەردەگرت. ئەوانە، بەوهەمـوو کەموکووڕییە ڕواڵەتییانەی لەوانەبوو لە بێچمی ڕوخسار یا ئەندامیاندا هەیانبێ هەرئەوەندەی کە بڕوامەند بە بنەمای داپۆشنی ڕوخسار بوون، لەڕوانگەی پیاوانی دینداری ئێمە ژنگەلێک بوون تەواو و خاوەنی جوانییەکی ڕاستەقینە؛ ژنگەلێک لە ڕیزی فریشتەکانی ئاسمانی و بۆ هاوسەرەکانیان نیشانەی ڕەحمەت و نیازپاکی بوون لەلایەن خوداوەندی بەتواناوە. ئەو ڕاستییە، هەرچەندە هەمیشە لەسەرزاری بوو و لەهەر شوێنێک قسە هاتباگۆڕێ بەزمانیدا دەهات، بەهیچ جۆرێک بەو واتایە نەبوو کە ئەو لەحاست ژنانی دیکە واتە ئەوانەی لە ژیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ئەو سەردەمەدا شێوەیەکی

ئازادتریان هەبوو، داوەرییەکی توند و تاوانبارکەری هەبێ. بەبڕوای وی، لەڕاستیدا ئەوە شەرم و حەیای دەروونی و سروشتیی ژن بوو کە وەک دیوارێکی پۆڵایین و کارتێنەکراو لە زیانی هەرچەشنە بەلاڕێدا چوونێک دەیپاراست. قەڵای ژن، هەر ئەو شەرم و حەیای دەروونییەی بوو نەک چارشێو و سەرپۆش و داپۆشەری پررچی کلکەئەسپی، کە ئەگەر خوای نەخواستە نالەبارییەکی تێدا پێکدەهات، هیچ هێزێک لەسەر زەمین پەیدانەدەبوو بتوانێ پێشی بەلاڕێداچوونی بێچەندوچوونی بگرێ. ژن لە یەک وشەدا واتە شەرم و حەیا، و سەید میرانی سەرابی لە ناو کچانی حەوادا ئەوەندە گیرۆدەی ئەو گەوهەرە ئەخلاقییە بوو کە ئەگەر بڵێین ئەڤینداری بوو، شتێکی لەڕادە بەدەرمان نەکوتووە؛ هەروەک بەپێچەوانە، تاڕادەی مردنی قینی لە سووکی و بێسەرەوبەرەیی و تەبیاتگەڵی لەوشێوەی ژنان بوو. پێکەنینێکی جلْف و یا جۆڵانەوەیەکی سووک و نەشیاوی ژن لەپێش گەنجی دراوسێ، وای لەبەرچاوی دەخست کە ئەگەر نەعووزوبیللا کچی خودی پێغەمبەریش با ئیدی نەیدەویست تەنانەت هەرگیز تەپەی پێشی ببیسێ. هەمیشە دەیکوت: ژن حیزبێ بەڵام هەڵسوکەوتی حیزانەی نەبێ.

بەڵام داوەرییەکەی لەسەر ژنە چارشێو سپییەکە لە پەیجوورییەکی دانەمرکاوی بەپارێزەوە تێنەدەپەڕی. جوانی و ناسکیی ڕوخساری ئەو مشتەرییە پەری جەفەرە، بەهەموو ساکارییەکەیەوە، وەها خۆڕانانێکی سەرسامکار و ژوور زەمینیی تێدابوو کە پیاوە ئیماندارەکە لەڕووی ترس و دڵپاکی کەوتە بیری ئەو گێڕانەوە ئوولییە: خۆ لەژنان بپارێزن، کە ئۆمەتی شەیتانن.

هەر وەک پێشتر ڕوحیشی ئاگاداری بوونی ژنێکی وا نەبوو، پاشانیش ئەگەر بۆ جارێکی دیکە یا هەرگیز چاوی بە ڕوخساری بێوێنەی وی ڕوون نەدەبۆوە، بێگومان و بەدڵنیاییەوە بیرەوەریی نیگایەک، و تەنیا یەک نیگا، بەوهەموو نەخش و بۆنجە سەرسووڕهێنەرەیەوە کە وەک شوێن پێی شێر لە جەنگەڵدا لێی بەجێمابوون، بەزوویی لە تەختەپانی بیری دەسڕانەوە. کاتی نوێژێ لەمزگەوت، بیری بەشێوەیەکی تار و ناڕوون یاریدەی دا بێتەوەیادی کە لەناو مشترییانی ڕۆژی ڕابردوودا ژنێکی چارشێو سپیش هەر بەو قەڵافەتە نانی لەدووکانەکەی لێ کڕیبوو. وردەوردە وەبیری دەهاتەوە، پەناباتێک پووڵی وردەی دا و چارەگێک نانی کڕێ. بێگومان ئەوڕۆژە ڕووی داپۆشراوی ژنەی نەدیبوو؛ سەرنجێکیشی نەدابووە کەوشی پانیە تەخت و گۆرەوییە پینەکراوەکانی؛ بەڵام ئەوە ڕوون و ئاشکرابوو کە ئەو نەیدەتوانی بێجگە لەو ژنە ڕوخسارجوانە کەسێکی دیکە بووبێ. ئایا تازە هاتبووە ئەوگەڕەکە؟ ئەگەروابێ پێشتر لەکوێ ژیابوو؟ پەرساییەکی بێکەلک و نابەجێ کە هەر بەوڕادەیەش ئازاردەر و خەمهێنەر بوو، هەوڵی کابرای کاسبکاری، کە نەیدەویست بیر لە ژنە بکاتەوە، بەفیڕۆدەدا؛ بیرو ئاواتەکانی دیکەی وەلادەنان. بسکە نەرم و ڕەنگ خورماییەکانی کە بە خۆنواندنێکی زۆر دڵڕفێن دەدرەوشاوە، بەشانە کرابوون و وەک زولفی کیژۆڵان کورت و چەترئاسا بوون. گەردنی لووس و کێل و بنانگوێی زێوینی وەک ڕازێکی لەپەردە دەرکەوتوو ئاژاوەیان دەگێڕا. جەفەری ناسک و خڕی کچانە و ئازای دەموچاوی یەک بەیەک و هەموویان وێکڕا نموونەی دەگمەنی دەستکاری خوابوون. مژۆڵی ڕەنگ خاکی و بەرز و هەڵگەڕاوەی، هەرچەندەش داکەوتووتر لە ڕووبەندەی ئاسیە، ژنە پارێزکارەکەی فیرعەون بوون، ڕاستییەکی تۆقێنەریان دەدرکاند کە لەپشت ئەوچاوە ئەفسووناوییانەی بە تەمای ڕاوی دڵان، تیرو کەوان بەدەست، لەبۆسەدابوون. ئایا ئەو پەرییە ژن بوو؟ بەواتایەکی دیکە، ئی پیاوێک لەوپیاوانە بوو کە دەهاتن و دەچوون و جگە لە بەدبەختی هیچی دی لە قەڵافەتیان نەدەباری؟ کەواتە بۆ ئەوجوانییە ئەفسانەییە کەموێنەیەی، کە وەک ڕۆژێ دەدرەوشایەوە، ئاوا ساکار و بێ خەمڵ بوو؟ ڕەنگە چونکە هێندە جوان بوو، خۆی لەخەملاندن بەبێنیاز دەدی. ئەدی چۆنە جلکێکی کۆکی وای دەبەردا نەبوو بەو زستانە ئەنامی ناسکی گەرم ڕاگرێ؟ ئایا ئەوەشی لە بێنیازییانی بوو؟ گومانێکی لە کرماشانی بوونیدا نەبوو؛ چونکە بەپێچەوانەی وشە و بەیانی ساختەی کە دەیەویست خۆی پێ بە زۆر شارەیی و پلەیەکیش لەسەرتر بەتارانی بنوێنێ، زاراوە کوردییەکەی بەئاشکرا لێی لەقاودەدا. سەرەنجام، ئەگەر ئەو ژنە پێش ئەو ڕۆژەش بۆ کڕینی نان هاتبووە دەرگای دووکانەکەی، بەچی ڕا دیاربێ کە جاری دیکەش نایەتەوە؛ ئەو ڕووداوەی دەبێ بێتە کایەوە تا چیرۆکێکی پێ بنووسرێ.

ژنە چارشێو سپییەکە، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دواییش بۆ نان کڕین هاتەوە دووکانی سەنگەکی سەرشەقامەکە. ڕۆژێکی خۆشی ساو بوو، بەڵام کزەبایەکی سارد لەهەوای دەخولاوە کە گوێچکەو لووتی دەگەستن. تەندووری دووکانیان تازە هەڵکردبوو. نانکەر خەریک بوو پێشبەندەکەی لە جێ پشتێندی خۆی دەبەست، تا دەست بەوکارەی بکا کە کاتژمێر چواری شەوێ تەواودەبوو. نەختێک زووتر لە ڕۆژی دوێنێ بوو و سەید میران، خەریکی قسەلەگەڵ کرێکارەکانی، لەسەر ئەوکۆما ئێزنگە دانیشتبوو کە لەنێودووکانەکە هەڵچنرابوو؛ بە کوڵک و کەوڵی مەڕ، ئاردماڵێکی بۆ کەندووی ئارد سازدەکرد. لەدەرێ ڕا سووچی چارشێوە سپییەکەی ژنە وەبەرچاوی هات، کە با دەیشەکاندەوە. کەهاتەدەری دیتی ئەوە، دڵی بەئاشکرا وەلەرزین کەوت. ژنە منداڵێکی بەباوەشەوە بوو. چارشێوەکەی بەشێوەیەکی دڵگر و شیرن بەسەر ویشدا کێشابوو. لەبەرئەوەی هەردوو دەستی گیرابوون، چارشێوەکەی بەددان ڕاگرتبوو. نیوەی دەموچاوی داپۆشرابوو و نیوەکەی دیکەشی کە خوایی نەخوایی بەدەرەوەبوو، لەگەڵ پەڕەی شیرنی گوێچکە و بێچمی ڕاکشاو و خۆش دیمەنی گەردنی، بەتەواوی لەبەرچاوان بوون. سیمای ڕێک و بێ ئیفادەی، بە خەرمانەیەکی پڕشنگداری جوانی و لەسەرەخۆیی، وێنەیەکی دیکەی لە مریەمی پیرۆز ساز کردبوو کە منداڵێکی لەباوەشدابوو و دایکانی و بەمێهرەبانی گردنی خوار ڕاگرتبوو. نیشانەیەکی دووری ئاشنایی

و وەفای دۆستایەتی لەهێڵەکانی دەموچاو و هەڵسوکەوتەکەیدا بەدی دەکرا. چەتری زولفی بەشانەکراوو خۆش ڕواڵەتی لە خورمایی ڕوون ڕا بۆ ڕەنگی کارەبایی شەپۆلی دەدا. منداڵەکەی باوەشی، کە وێدەچوو ماندووی کردبێ، لەئاسانەی دەرگای دووکان دانا؛ منداڵێکی سێساڵانەی خڕوخۆڵ بوو کە باڵتۆیەکی سووری دەبەردابوو. بۆ بەدووربوون لە چاووزار، بەنکە مووروو و کووژەکەیەکی سەوز لەسەر سینگ، و دەسرەیەکی سپی و خاوێنی بەسەر شانییەوە بەدەرزی قایم کرابوون. سەید میران پێش ئەوەی مشتەرییە تازە ڕوخسار و شەرمنەکەی وەقسەبێ، بە پەردەی داکەوتووی مژۆڵەکانی ڕا بەئەرکەکەی خۆی زانی؛ خێرا چووە نێو دووکان و لەو یەکەم نانانەی لەتەندوور وەدەرکەوتبوون، دانەیەکی برژاوی گەورەی هەڵبژارد. لەنێو دەرگای دووکان بەو بزە ئاسوودە و نیوە ئاشنایەی لەسەر سیمای بوو، زیخە گەرمەکانی بەنانەکەوە نووساوی لێکردنەوەو ڕژاندنیە سەر زەوی و سەرەڕای ئەوەی وەک باوبوو نانی برژاویان نەدەکێشا، نانەکەی لەسەر تەرازوو دانا، لەناکاو دەنگی زیڕە و گریانی جەرگبڕی منداڵەکە لە پەنا مێزەکە، وەخۆی هێناوە. ژنە و پیاوە، بە ترس و پەلەپڕووزەیەکی بێوێنە بەچرکەیەک خۆیان گەیاندێ. منداڵەکە، زمانی لەبەرگریان بەمەلاشوویەوەنووساندبوو، بەتوندی دەگریا و دەستە بچوکەکەی بەخێرایی ڕادەوەشاند. دایکی بەستەزمان لەتاوان ڕەنگی بزڕکابوو و دەنگی شێوابوو؛ لەگەڵ داهاتنەوەی بۆ هەڵگرتن و حاواندنەوەی منداڵەکە، هەر وەک ئەوەی تاوانەکە لەئەستۆی وی بێ، لەبن لێوانەوە هاواری کرد:

- ئەی خوا بمکوژێ! دیتت چۆن داغێک دەستی سووتاند! دیتت چم بەسەرهات! ئێستا وەڵامی دایکی چۆن بدەمەوە؟!

ڕووداوێکی خراپ و ئازاردەر بوو. و خاوەن دووکان کە لەڕاستیدا تاوانەکەی بە ئی خۆی دەزانی، بە دڵسۆزییەکی باوکانەوە دەستی منداڵەکەی بەدەستی خۆی گرت؛ فووی لێکرد تا فێنک بێتەوە. منداڵی بەستەزمان لەبەر ژانی دەستی هەروا ئۆقرەی نەدەگرت. بەری دەست و قامکە ناسکەکانی بەدووجێگا بلۆقیان دابوو. دڵۆپەی درشتی فرمێسک وەک کانییەکی پیرۆز و لەبڕان نەهاتوو لەهەر سووچێکی چاوانی هەڵدەقولان و دەهاتنەخوار. تەواوی دەمۆچاوو و بەشێک لە بەرۆکی باڵتۆکەی بەچەند جێ بەتەواوی خووسابوو. سەید میران لەوکاتەدا کە لەتەنیشت منداڵەکە هەڵتروشکابوو، بەبێ ئەوەی بوێرێ چاو لەژنەکە کا، بە نیشانەیەکی ئاشکرا لە داوای لێبووردنەوە لەدەنگیدا وەقسەهات:

- کەمتەرخەمی لەمنەوە بوو، بەڵام نیگەران مەبە، زیخەکە ئەوەندە داغ نەبووە کە زیانێک بە منداڵەکە بگەیەنێ. ئازاری پێگەیشتووە بەڵام هەر ئێستا ژێردەبێتەوە.

و هەرای کردە نێو دووکان:

- هۆی عەبدول، عەبدولسەمەد!

کوڕێژگەیەکی دە یازدە ساڵان، وردیلە و مووبەکڕووزە، دەست قرتماخەبەستوو و جلک شڕ و پیس پەیدابوو. کەدەستی بەنێوچاوانی خۆیداهێنا، پەڵەیەکی دیکەی ڕەژی لە پەڵە زۆرەکانی خەوملێنەری سەر هەموو دەموچاوی زیادبوو. خاوەنکار فەرمانی پێدا کە زۆر زوو بچێ لەقاوەخانەی ڕووبەڕووی دووکانێ مەرەکەبدانەکە وەرگرێ و بیهێنێ. پاشان بەدەنگێکی هێدیکەرەوە و میهرەبان، منداڵەکەی دەقسان گرت:

- دەستت سووتا بچکۆلانە، دەستت سووتا؟ ئای، ئای. ئەو زیخە سەگبابانە! (بەدانیشتنەوە پێلاقەیەکی بە زیخەکانی بن مێزەکەدادا.)

هەرکە مەرەکەبدانەکەی وەرگرت، قامکی بەمەرەکەب کرد و بەسەر بلۆقەکانی بەری دەستی منداڵەکەیداکێشا، کە ژنەکە بۆی گرتبوو.

- ئێستا چاک دەبێتەوە، هەرئێستاکە. ها نەمکوت! بارەقەڵڵا بچکۆلانەی خۆم کە ئیدی ناگری. چەندە منداڵێکی چاکە. ناوت چییە بچکۆلانە؟

درێژەی هەیە.......